# بـەراوردێكی كەرەستە مۆرفۆسینتاكسییەكان لەزاری كرمانجیی ناوەڕاستو خوارودا

د. ئومێد برزان برزو
زانكۆی گەرمیان/فاكەڵتی پەروەردە ـ بەشی زمانی كوردی

**پێشەكی:**

توێژینەوەكە لەژێر ناونیشانی [بەراوردێكی كەرەستە مۆرفۆسینتاكسییەكان لەزاری كرمانجیی ناوەڕاست (شێوەزاری سلێمانی)و كرمانجیی خوارو (شێوەزاری خانەقی)دا]یە، دەركەوتنی ئەم كەرەستانەو سەرەوڕیزبونیان لەزارە جیاجیاكانی زمانەكەماندا دەبنە خاڵی ناوكۆو جیاوازی. هەروەها نمونەكان لەسەرچاوە كوردییەكانو ئاخاوتنی خەڵكەوە وەرگیراون، كە تیایدا ڕێبازی شیكردنەوەی پەسنكەرانە پەیڕەوكراوە.

گرنگی توێژینەوەكە لەوەدایە، نوسەك و گیرەكە وشەگۆڕەكان كە بەمۆرفیمە ڕێزمانییەكان ناودەبرێن، ئەركی پەیوەندیی ڕێزمانی دەنوێننو دەبنە كەرەستەی مۆرفۆسینتاكسی، ئەم كەرەستانەش تایبەتن بەدروستەی هەریەكە لەفرێزەكان لەهەردو زارەكەدا. هەروەها بەراوردكردنی كەرەستە مۆرفۆسینتاكسییەكانی هەردو زارەكەش بەمەبەستی خستنەڕوی تایبەتمەندی ڕێزمانی هەردو زارەكەو گرنگترین خاڵی لێكچونو جیاوازی نێوانیانە.

لەكۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوین، خراونەتەڕو. پاشان لیستی سەرچاوەكانو پوختەی توێژینەوەكە بەهەردو زمانی عەرەبیو ئینگلیزی نوسراون.

## كەرەستە مـۆرفـۆسـینتاكسییەكان:

مۆرفۆسینتاكس بەرهەمی پەیوەندیو تێكچرژانی هەردو ئاستی مۆرفۆلۆجیو سینتاكسییە. كەرەستەی ئەم پێكهاتەیەش مۆرفیمە وشەگۆڕەكانو نوسەكەكان دەیاننوێنن، كە پەیوەندیی ڕێزمانی نێوان كەرەستەكانی فرێزو ڕستە ڕێكدەخەنو بەشداری لە پێكهاتنی دروستەی مۆرفۆسینتاكسیدا دەكەن. واتە هەمو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆجییانە دەگرێتەوە، كە ئەركیان لەسینتاكسدا هەیەو بەكەتیگۆرییە مۆرفۆسینتاكسییەكان ناودەبرێن[1].

لێرەدا بەراوردێكی كەرەستە مۆرفۆسینتاكسییەكانی دروستەی هەریەكە لەفرێزەكانو ئەلۆمۆرفەكانیانو سەرەوڕیزبونیان لەهەردو زارەكەدا دەخەینەڕو.

## ١- مـۆرفـۆسـینتاكسەكانی فرێـزی نـاوی:

فرێزی ناوی لەدروستەی ڕستەدا كۆمەڵێك لەكەرەستە مۆرفۆسینتاكسییەكان وەردەگرێت، ئەم كەرەستانەش تایبەتن بەدروستەی فرێزی ناوی، وەك مۆرفیمەكانی (ناسراوی، نەناسراوی، كۆ، خستنەسەر، خاوەنێتی، بانگكردن)، كە هەمیشە وەكو كەتیگۆرییەكی مۆرفۆسینتاكسی تایبەتن بەپۆلی ناو. باسی هەریەكە لەم مۆرفیمانە لەڕوی فۆرمو چۆنێتی سەرەوڕیزبونو دابەشبونیانەوە لەچوارچێوەی فرێزی ناویدا دەخەینەڕو.

### ١ ـ ١ مـۆرفیمەكانی نـاسراوی:

كۆمەڵێك مۆرفیم لەگەڵ فرێزی ناوی بەكاردێن، كە وەك دیاریكەر (determiner) دەچنە پاش سەرەی فرێزی ناوییەوەو كۆتایی فرێزەكە دەگرن، بەمەش ڕۆڵی ناسراوكردنی ناوە گشتییەكە دەبینن، بۆ نمونە:

| د.ك.ن | مۆرفیمەكانی ناسراوی | د.ك.خ | مۆرفیمەكانی ناسراوی |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| ماڵەکە ڕوخابو | – ەکە | ماڵەگە ڕمیابی | – ەگە |
| کچە کەوتوە | – ە | دوێتە کەفتیە | – ە |

لەم دو زارەدا مۆرفیمەکانی ناسراوی بریتین لە (– ەکە/ەگە ، – ە)، هەریەکەیان فۆرمو ئەرکی چالاکی خۆی لەدەستنیشانکردن و ناسراوکردنی فریزی ناویدا دەنوێنێت.

ئەگەر سەرەی فریزەکان بەچەند کەرەستەیەکی تری وەك ناوی گشتی یان ئاوەڵناو فراوان بکرێن، ئەوا مۆرفیمەکان دەچنە کۆتایی فرێزەکەوە، واتە کۆتایی فرێزکە دەگرن، بۆ نمونە :

| د.ك.ن | د.ك.خ |
|---|---|
| ئاوەکە پاکە<br>ئاوی کانییەکە پاکە | ئاوەگە پاکە<br>ئاو کانێگە پاکە |
| پیاوەکە دەناسم<br>پیاوە باشەکە دەناسم | پیاوەگە ناسم<br>پیاوە خاسەگە ناسم |

بەلاَم دیارخەری پاش سەرەی فرێزەکە ناوی تایبەتی یان جێناوی کەسی بێت بەیاریدەری مۆرفیمی خستنە پاڵی خاوەنێتی، یان ڕستەیەکی شوێنکەوتو بێت، ئەو کاتە مۆرفیمەکانی ناسراوی لەسەر ناوە دیارخراوەکە دەمێنێتەوەو ناچێتە کۆتایی فرێزەکەوە، بۆ نمونە :

| د.ك.ن | د.ك.خ |
|---|---|
| کتێبەکەی بەهارم برد<br>کتێبەکەی ئەوم برد<br>خوێندکارەکە کە بەیەکەم دەرچو، کوڕی پورمە. | کتاوەگەی بەهار بردم<br>کتاوەگەی ئەو بردم<br>تەلەبەگە وەختێ وەیەکەم دەرچی، کوڕ میمگمە. |

هەروەها مۆرفیمی (– ەگە) کە مۆرفیمێکی سەرەکی ناسراوکردنە، بەپێی دەرکەوتنی لەکۆتایی فرێزی ناویدا چەند شێوەیەکی جیای هەیە، واتە چەند ئەلۆمۆرفێکی هەیە، بۆ نمونە :

| د.ك.ن | | | | | د.ك.خ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوی تاك | ناوی تاکی ناسراو | مۆرف | ناوی کۆی ناسراو | مۆرف | ناوی تاك | ناوی تاکی ناسراو | مۆرف | ناوی کۆی ناسراو | مۆرف |
| پیاو | پیاوەکە | – ەکە | پیاوەکان | – ەك | دوێت | دوێتەگە | – ەگە | دوێتەگان | – ەگ |
| دەرگا | دەرگاکە | – کە | دەرگاکان | – ك | ماموسا | ماموساگە | – گە | ماموساگان | – گ |
| کورسی | کورسییەکە | – یەکە | کورسییەکان | – یەك | شامی | شامییەگە | – یەگە | شامییەگان | – یەگ |
| دەزو | دەزووەکە<br>دەزۆکە | – وەکە<br>– ۆکە | دەزووەکان<br>دەزۆکان | – وەك<br>– ۆك | دەزری | دەرزێگە | – ێگە | دەرزێگان | – ێگ |
| چەقۆ | چەقۆکە | – کە | چەقۆکان | – ك | پەمو | پەمووەگە | – وەگە | پەمووەگان | – وەگ |

نمونـەكان ئـەوە دەردەخـەن، كە مۆرفـەكـانی /ەك، كە، ك، یەكە، یەك، وەكە، وەك، ۆكە، ۆك/ شێوە جیاجیاكانی مۆرفیمی ناسراوی ( – ەكە ) لە(د.ك.ن)دا دەنوێنن، هەروەها مۆرفـەكانی /ەگ، گە، گ، یەگە، یەگ، یێگە، یێگ، وەگە، وەگ/ شێوە جیاجیاكانی مۆرفیمی نـاسراوی ( – ەگە ) لە(د.ك.خ)دا دەنوێنن.

**١ ـ ٢ مۆرفیمی نەناسراوی:**

ئەم مۆرفیمە دەچێتە پاش سەرەی فرێزەكەو دەیكاتە ناوێكی تاكی نەناسراو، هەمیشە لەسەر ناوە دیارخراوەكە دەمێنێتەوەو توانای پەڕینەوەی بۆ سەر دیارخەرەكە نییە، بۆ نمونە:

| د.ك.ن | مۆرفیمی نەناسراوی | د.ك.خ | مۆرفیمی نەناسراوی |
|---|---|---|---|
| پیاوێكم بینی | – ێك | پیاوێگ دیم | – ێگ |
| پیاوێكی بەهێزم بینی | – ێك | پیاوێگ وەقوەت دیم | – ێگ |

هەروەها مۆرفیمی نەناسراوی بە پێی دەركەوتنی لەسەر ناوە دیارخراوەكە چەند شێوەیەكی جیای هەیە، بۆ نمونە:

| د.ك.ن | مۆرفیمی نەناسراوی | د.ك.خ | مۆرفیمی نەناسراوی |
|---|---|---|---|
| منداڵێ شوشەكەی شكاند | – ێ | مناڵێ شویشەگە شكان | – ێ |
| چایەك دەخۆمەوە | – یەك | گایەگ سەرودرم | – یەگ |

لەم نمونانەدا مۆرفەكانی /ێ، یەك/ بەئەلۆمۆرفەكانی مۆرفیمی ( – ێك )ی نەناسراوی لە(د.ك.ن) دادەنرێن، هەروەها مۆرفەكانی /ێ، یەگ/ بەئەلۆمۆرفەكانی مۆرفیمی ( – ێگ ) لە(د.ك.خ) دادەنرێن.

**١ ـ ٣ مۆرفیمەكانی كۆ:**

ئەم مۆرفیمانە دەچنە سەر ناوێكی تاكی گشتی، كە سەرەی فرێزی ناوی بن و دەیكەن بەناوێكی كۆی گشتی، بۆ نمونە:

| د.ك.ن | مۆرفیمی كۆ | د.ك.خ | مۆرفیمی كۆ |
|---|---|---|---|
| پیاوان كاردەكەن | – ان | پیاوەیل كاركەن | – ەیل |
| پیاوەكان كاردەكەن | – ان | پیاوەگان كاركەن | – ان |
| ئەم پیاوانە كاردەكەن | – ان | ئەی پیاوەیلە كاركەن | – ەیل |

لە(د.ك.ن)دا، مۆرفیمی ( – ان )ی كۆ لەگەڵ ناوی تاكی نەناسراوو تاكی ناسراوو ناوێك كە بەوشەی نیشانە دەستنیشانكرابێت، دەردەكەوێت. بەڵام لە(د.ك.خ)دا، مۆرفیمی ( – ان ) دەچێتە سەر ناوێكی تاكی گشتی، بەمەرجێ ناوەكە ناسراوكرابێت، واتە سەرەی فرێزەكە مۆرفیمی ( – ەگە ) یان یەكێك لەئەلۆمۆرفەكانی وەرگرتبێت، ئەو كاتە بەمۆرفیمی ( – ان ) كۆدەكرێتەوە، بەڵام ناوەكە تاكی نەناسراو یان بەوشەی نیشانە فراوانكرابێت، ئەوا مۆرفیمی ( – ەیل ) وەردەگرێت.

هەروەها مۆرفیمی ( – ان )و ( – ەیل )ی كۆ لەفراوانكردنی فرێزە ناویدا دەردەكەون، بۆ نمونە:

| د.ك.ن | د.ك.خ |
|---|---|
| پیاوە قەڵەوەکان هاتن | پیاوە قەوییەگان هاتن |
| پیاوە قەڵەوە بالأبەرزەکان هاتن | پیاوە قەوییە بالأوەرزەگان هاتن |
| کەسانی باش سەردەکەون | کەسەیل خاس سەرکەفن |
| ئەو کەسە باشانە سەردەکەون | ئەو کەسە خاسەیلە سەرکەفن |

مۆرفیمی (- ان) لەهەردو زارەکەدا بەپێی فراوانکردنی فرێزە ناوییەکە، کە ناوێکی ناسراو بێت، دەچێتە سەر دوایەمین دیارخەرو کۆتایی فرێزەکە دەگرێت، بەڵام سەرەی فرێزەکە ناوێکی نەناسراو بێت، ئەوا مۆرفیمەکانی (- ان)و (- ەیل) لەسەر ناوە دیارخراوەکە دەمێننەوەو بۆ کۆتایی فرێزەکە ناپەڕنەوە، کەچی ناوەکە بەوشەی نیشانە فراوانکرابێت، ئەوا دەچنە کۆتایی فرێزەکەوە.

هەروەها مۆرفیمەکانی کۆ بەپێی دەرکەوتنیان لەسەر دروستەی فرێزە ناوییەکان چەند شێوەیەکی جیاجیان هەیە، بۆ نمونە:

| د.ك.ن | مۆرفیمی کۆ | د.ك.خ | مۆرفیمی کۆ |
|---|---|---|---|
| دزەکان هاڵهاتن | - ان | دزەگان هەڕاکردن | - ان |
| دەیان پیاو بەڕێکەوتن | - یان | دەیان پیاو کەفتنەڕێ | - یان |
| ئەم پیاوانە هاتن | - ان | ئەی پیاوەیلە هاتن | - ەیل |
| ئەم مامۆستایانە وانە دەڵێنەوە | - یان | ئەی ماموسایەیلە دەرس ئویشنەو | - یەیل |
| ئەو شوشانە شکاون | - ان | ئەو شویشەیلە شکیانە | - یل |
| ئەو پەڕۆیانە دڕاون | - یان | ئەو پەڕووەیلە دڕیانە | - وەیل |

مۆرفیمەکانی کۆ لە(د.ك.ن)دا بەپێی دەرکەوتنیان لەسەر فرێزە ناوییەکان لەفۆرمی /ان، یان/دا دەبینرێن، بەڵام لە(د.ك.خ)دا فۆرمەکانی /ان، یان/و فۆرمەکانی /ەیل، یەیل، یل، وەیل/ شێوە جیاجیاکانی مۆرفیمی کۆن.

**١ ـ ٤ مۆرفیمەکانی خستنە پاڵ:**

لەدروستەی فرێزی ناویدا، ناوێك دەبێتە سەرەو لەپێشەوە یان لەپاشەوە بەکۆمەڵێك کەرەستە فراوان دەکرێت، کەرەستەکانی پێش سەرە بەشێوەیەکی گشتی بەبێ یاریدەی مۆرفیمی خستنە پاڵ دەردەکەون، تەنها ژمارەی کەرتی نەبێت، بەیارمەتی مۆرفیمی (- ی) لەپێش سەرەی فرێزەکەوە دەردەکەوێت. بەڵام کەرەستەکانی پاش سەرە بەیارمەتی مۆرفیمەکانی خستنە پاڵ دەکەونە پاش ناوەکەوە، واتە دوای مۆرفیمی خستنە پاڵ دێن، سەرەی فرێزەکە بەکۆمەڵێك کەرەستە بەیارمەتی مۆرفیمی خستنە پاڵی (- ی ، - ە) فراواندەکرێت، کەواتە ئەم دو مۆرفیمە وەك دو مۆرفیمی سەرەکی ڕۆڵی بەستنەوەی کەرەستە دیارخەرەکان بەناوە دیارخراوەکەوە دەبینن. بۆیە مۆرفیمەکانی (- ی)و (- ە) لەزمانی کوردیدا ڕۆڵی ڕێپێدان و هاتنە ناوەوەی کەرەستەی تر ڕێکدەخەن لەفرێزی ناویداو بەمۆرفۆسینتاکسی خستنە پاڵ دادەنرێن، چونکە ئەرکی سینتاکسی دەبینن[٢]. بۆ نمونە:

| د.ك.ن | مۆرفیمی خستنە پاڵ | د.ك.خ | مۆرفیمی خستنە پاڵ |
|---|---|---|---|
| ا- یەك لەسەر دوی زەوییەكەم فرۆشت | - ی | ا- یەك لەبان دو زەوییەگە فروشتم | - |
| ب- كاروانی كوڕم مردوە | - ی | ب- كاروان كوڕم مردیە | - |
| پ- منداڵەكەی ئەوان ترسا | - ی | پ- مناڵەگەی ئەوان ترسیا | - ی |
| ت- كچە جوانەكەم بینی | - ە | ت- دوێتە جوانەگە دیم | - ە |

لە(د.ك.ن)دا، ژمارەی كەرتی وەكو دیارخەرێكی پێش سەرەی فرێزە ناوییەكە بەیارمەتی مۆرفیمی خستنە پاڵی (- ی) بەناوەكە گرێدراوە، بەلاّم ئەم مۆرفیمە لە(د.ك.خ)دا دەرناكەوێت، بڕوانە نمونەكانی (ا)، هەروەها دیارخەرەكانی پاش سەرەی فرێزەكان بەیارمەتی مۆرفیمی (- ی) بەناوەكە بەستراونەتەوەو دروستەی فرێزە ناوییەكانیان فراوانكردوە، ئەگەر چی سەرە ناوێكی گشتی یان تایبەتی بێت، یان بەمۆرفیمەكانی ناسراوی یان كۆی ناسراوی یان نەناسراوی دوای ناوەكە دەردەكەوێت، بڕوانە نمونەی (ب)و (پ)، بەلاّم لە (د.ك.خ)دا ئەگەر دوا پیتی ناوەكە كۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبێت، ئەوا مۆرفیمی خستنە پاڵی (- ی) دەرناكەوێت بڕوانە (ب)، ئەگەر كۆتایی بەبزوێن هاتبێت، ئەوا مۆرفیمی (- ی) دەردەكەوێت بڕوانە (پ). هەروەها لە نمونەكانی (ت)دا، مۆرفیمی (- ە) بەسەرەی فرێزەكەوە دەنوسێت، كە ناوێكی گشتیی ناسراوە.

**١ ـ ٥ مۆرفیمەكانی خاوەنێتی:**

پۆلێك یان كۆمەڵێك جێناوی كەسیی لكاو پەیڕەوێكی تایبەت بەرجەستەدەكەن، كە بەخاوەنێتی (possessive) ناودەبرێن، كەرەستەكانی ئەم پەیڕەوە لەچوارچێوەی فرێزو ڕستەدا دێن و بەمۆرفۆسینتاكسی خاوەنێتی ناودەبرێن[٣]. لەهەردو شێوەزارەكەدا ئەم جێناوە كەسییە لكاوانە هەن، بۆ نمونە:

| د.ك.ن | مۆرفیمی خاوەنێتی | د.ك.خ | مۆرفیمی خاوەنێتی |
|---|---|---|---|
| كوڕەكەم ترسا | م | كوڕەگەم ترسیا | م |
| كوڕەكەت ترسا | ت | كوڕەگەت/د ترسیا | ت/د |
| كوڕەكەی ترسا | ی | كوڕەگەی ترسیا | ی |
| كوڕەكەمان ترسا | مان | كوڕەگەمان ترسیا | مان |
| كوڕەكەتان ترسا | تان | كوڕەگەتان/دان ترسیا | تان/دان |
| كوڕەكەیان ترسا | یان | كوڕەگەیان ترسیا | یان |

سەرەی فرێزە ناوییەكان بەناو یان جێناوی سەربەخۆ یان وشەی خۆیەتی بەیاریدەی مۆرفیمی خستنە پاڵی (- ی) فراواندەكرێن، دەتوانرێت ئەم دیارخەرانە لەكردەی كورتكردنەوەدا بەجێناوی لكاو جێگیربكرێن و بەسەرەی فرێزەكەوە بنوسرێن، لەم بارانەدا مۆرفیمی (- ی) هیچ گۆكردنێكی نامێنێت و دەكرتێنرێت، بۆیە ئەم جێناوانە بەشێوەیەكی گشتی ئەركی دیارخەری پاش سەرەی فرێزی ناوی دەبینن و چەمكی خاوەنێتی دەگەیەنن.

### ١ ـ ٦ مۆرفيمەكانی بانگكردن:

كۆمەڵێك مۆرفيم هەن، كە تايبەتن بەبانگكردن و بەهۆيانەوە ڕستەی بانگكردن پێكدێنن، هەريەكە لەم مۆرفيمانەش تايبەتێتی خۆی هەيە، لێرە ئاماژە بەو مۆرفيمانە دەكەين، كە وەك كەرەستەيەكی مۆرفۆسينتاكسی لەڕستەی بانگگردندا بەكاردێن، بۆ نموونە:

| د.ك.ن | مۆرفيمی بانگكردن | د.ك.خ | مۆرفيمی بانگكردن |
|---|---|---|---|
| ا- باوكە/ كوڕە/ خاڵە/ مامە وەرە. | – ە | ا- باوگە/ كوڕە/ خاڵۆØ/ مەموØ بەو. | – ە |
| ب- پورێ/ كچێ/ نەنكێ/ خوشكێ/ دايكێ وەرە. | – ێ | ب- ميمگە/ دوێتە/ نەنكە/ خوەيشگە/ داڵگە بەو. | – ە |
| پ- كوڕينە/ كچينە/ خزمينە وەرن. | – ينە | پ- كوڕەيلە/ دوێتەيلە/ قەومەيلە بان. | – ەيلە |

لە(د.ك.ن)دا مۆرفيمی (– ە) بۆ بانگكردنی ناوی تاكی نێرو مۆرفيمی (– ێ) بۆ بانگگردنی ناوی تاكی مێ بەكاردێت، هەروەها مۆرفيمی (– ينە) بۆ بانگگردنی ناوی كۆی نێرو مێ بەكاردێت، بەڵام لە(د.ك.خ)دا مۆرفيمی (– ە) بۆ بانگكردنی ناوی تاكی نێرو مێ بەكاردێت، هەروەها مۆرفيمی (– ەيلە) بۆ بانگگردنی ناوی كۆی نێرو مێ بەكاردێت.

### ٢- مۆرفۆسينتاكسەكانی فرێزی ئاوەڵناوی:

كەرەستە مۆرفۆسينتاكسييەكان لەدروستەی فرێزی ئاوەڵناويدا بريتين لەپاشگری (– تر ، – ترين)، ئەم مۆرفيمانەش تواناي بەراوردكاری لەنێوان دو كەس يان دو شت يان دو ديارده يان پتر بەئاوەڵناوەكان دەبەخشن، بۆيە ئەم كەرەستە مۆرفۆسينتاكسييانە تايبەتن بەفرێزە ئاوەڵناوەكان، بۆ نموونە:

| د.ك.ن | | د.ك.خ | |
|---|---|---|---|
| ا- ئازاد لە ئەوان گەورەترە | – تر | ا- ئازاد لەوان گەوراترە | – تر |
| ب- خۆشترين خانومان هەيە | – ترين | ب- خوەشترين خانی ديريمن | – ترين |

سەرەی فرێزە ئاوەڵناوييەكان كە لەئاوەڵناوێكی بنجی پێكهاتون، دەبينين لە پلەی بەراورد مۆرفيمی (– تر)و لە پلەی باڵادا مۆرفيمی (– ترين) وەردەگرن.

### ٣- مۆرفۆسينتاكسەكانی فرێزی پێشناوی:

پێشناوەكان وەكو كەرەستەيەكی سەرەكی مۆرفۆسينتاكسی بەشداری لەدروستەی فرێزی پێشناويدا دەكەن و دەبنە سەرەی فرێزەكە و تەواوكەرەكانی وەك فرێزی ناوی يان فرێزی جێناوی بەدوای خۆياندا دەهێنن، بەمەش پەيوەنديی نێوان ئەم كەرەستانەو كەرەستەكانی تری ڕستە ڕێكدەخەن، بۆ نموونە:

| د.ك.ن | پێشناو | د.ك.خ | پێشناو |
|---|---|---|---|
| لە سلێمانی بوم | لە – | لە سلێمانی بيم | لە – |
| پارەكەم بە ئازاد دا | بە – | پارەگە وە ئازاد دام | وە – |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بۆ ئەوان هێنام | بۆ - | ئەرا ئەوان هاوردمەی | ئەرا - |
| بێ تۆ ناچم بۆ سەیران | بێ - | بی تو نێچم ئەرا سەیران | بی - |
| تا شەو دەنوسم | تا - | تا شەو نویسنم | تا - |
| وەك ئاراس بەهێزم | وەك - | جویر ئاراس وەقوەتم | جویر - |
| چوینە خانەقین | ە - | چیمنە خانەقین | ە - |

پێشناوەكانی (لە ، تا ، ە) لەهەردو زارەكەدا هاوفۆرمن، بەلأم گۆڕینی (بە) بۆ (وە)و (بێ) بۆ (بی) گۆڕانی فۆنۆلۆجین، تەنیا جیاوازی لەمۆرفیمەكانی (بۆ: ئەرا)و (وەك: جویر) دایە، كە ئەمانەش وەك دانەی ئاستی مۆرفۆلۆجیی هاوواتایی لێكدەدرێنەوە.

**٤- مۆرفۆسینتاكسەكانی فرێزی كرداری:**

سادەترین دروستەی فرێزی كرداری لەكردارێك پێكدێت، سادەترین كرداریش كرداری بنەڕەتییە لەسێ مۆرفیمی سەرەكی (ڕەگ، كات، كەس) پێكهاتوە(٤). كە بەردی بناغەی پێكهاتنی فرێزی كردارییە، هەروەها چەند مۆرفیمێكی تر بەشداری لە پێكهاتنی كرداردا دەكەن و وەكو پێشگر یان پاشگر دەچنە سەر كردارەكە، بۆیە كۆمەڵێك كەرەستەی مۆرفۆسینتاكسی هەن، كە تایبەتن بەدروستەی فرێزی كرداری، واتە بەشداری لەدروستەی كرداردا دەكەن، وەك مۆرفیمەكانی (كات، دەمكات، ڕێژە، نەكردن، كەس و ژمارە، تێپەڕاندن، نادیاری، .... تاد)، ئەم مۆرفیمە ڕێزمانییانەش تەنیا ئەو مۆرفیمە بەندانەن، كە بەكردارەوە دەلكێن.

**٤-١ كات:**

مۆرفیمەكانی كات هەمیشە بەشداری لەداڕشتنی دروستەی ناوەوەی كرداردا دەكەن، كە گوزارشت لەكاتی ڕابردو یان ڕانەبردو دەكەن. لەبەر ئەوەیشە مۆرفۆسینتاكسی كات وەك بەشێكی پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆجیی و سینتاكس لەژێر دەسەڵاتی چالاكی كرداردا جۆرە كاریگەرییەك نیشاندەدەن، كە لەڕێگەی گیرەكە ڕێزمانییەكانی ئاستی مۆرفۆلۆجی دەچنە ژێر سایەی پێكهاتەیەكی سینتاكسییەوە(٥). لێرەدا مۆرفیمەكانی كاتی ڕابردو و ڕانەبردوی بكەردیارو بكەرنادیار لەهەردو زارەكەدا دەخەینەڕو، بۆ نمونە :

| ڕابردوی تێپەڕ (د.ك.ن) | كاتی ڕابردو | ڕابردوی تێپەڕ (د.ك.خ) | كاتی ڕابردو |
|---|---|---|---|
| ئەوان پارەكەیان برد | د | ئەوان پارەگە بردن | د |
| جوتیارەكە زەوی كێڵا | ا | جفتیارەگە زەوی كاڵی | ی |
| ئازاد دوژمنەكەی كوشت | ت | من دەرسەگە نویسام | ا |
| قەسابەكە مەڕەكەی سەربڕی | ی | ئیمە دزەگە گرتیمن | ت |
| نەسرین كراسێكی درو | و | نەسرین كراسیگ دویران | - |

| ڕابردوی تێنە پەڕ (د.ك.ن) | كاتی ڕابردو | ڕابردوی تێنە پەڕ (د.ك.خ) | كاتی ڕابردو |
|---|---|---|---|
| پیاوەكە مرد | د | پیاوەگە مرد | د |
| منداڵەكان ترسان | ا | مناڵەگان ترسیان | ا |
| ئەوان كەوتن | ت | ئەوان كەفتن | ت |
| ئوتومبێلەكە چەقی | ی | سەیارەگە چەقیا | ـ |
| ئازاد چو | و | ئازاد چی | ی |

| ڕانەبردوی تێپەڕ (د.ك.ن) | كاتی ڕانەبردو | ڕانەبردوی تێپەڕ (د.ك.خ) | كاتی ڕانەبردو |
|---|---|---|---|
| بەهار گوڵ دەكرێت | Ø | بەهار گوڵ سەند | Ø |
| ئەوان وانەكە دەنوسن | Ø | ئەوان دەرسەگە نویسنن | Ø |

| ڕانەبردوی تێنە پەڕ (د.ك.ن) | كاتی ڕانەبردو | ڕانەبردوی تێنە پەڕ (د.ك.خ) | كاتی ڕانەبردو |
|---|---|---|---|
| منداڵەكان دەخەون | Ø | مناڵەگان خەفن | Ø |
| دارەكە دەسوتێت | Ø | دارەگە سوزیەد | Ø |

| ڕابردوی بكەرنادیار (د.ك.ن) | كاتی ڕابردو | ڕابردوی بكەرنادیار (د.ك.خ) | كاتی ڕابردو |
|---|---|---|---|
| دزەكە بینرا | ا | دزەگە دوینریا | ا |
| خانووەكە سوتێنرا | ا | خانێگە سوزنریا | ا |

| ڕانەبردوی بكەرنادیار (د.ك.ن) | كاتی ڕانەبردو | ڕانەبردوی بكەرنادیار (د.ك.خ) | كاتی ڕانەبردو |
|---|---|---|---|
| دزەكە دەبینرێت | یْ | دزەگە دوینریەد | ـە |
| خانووەكە دەسوتێنرێت | یْ | خانێگە سوزنریەد | ـە |

لەبەراوردكردنی نمونەكانەوە، ئەوە دەردەكەوێت، كە :

١- مۆرفیمەكانی كاتی ڕابردوی بكەردیاری (ا ، ت ، ی ، د) لەهەردو زارەكە هاوبەشن، تەنها مۆرفیمی (و) نەبێت، كە لە(د.ك.خ)دا دەرناكەوێت.

٢- مۆرفیمەكانی كاتی ڕانەبردوی بكەردیار لەهەردو زارەكەدا مۆرفیمی سفرە.

٣- كاتی ڕابردوی بكەرنادیار لەهەردو زارەكەدا مۆرفیمی (ا)یە، هەروەها كاتی ڕانەبردوی بكەرنادیار لە(د.ك.ن)دا مۆرفیمی (یْ)یە، بەڵام لە(د.ك.خ) مۆرفیمی (ـە)یە.

### ٤ ـ ٢ مۆرفیمەكانی كـەس:

مۆرفیمی كەس وەك كەرەستەیەكی مۆرفۆسینتاكسی بەشداری لە پێكهاتنی دروستەی ناوەوەی كرداردا دەكات، خودی مۆرفیمەكانی كەسیش جێناوە لكاوەكان دەیاننوێنن، بۆ نمونە:

| رابردوی تێپەڕ (د.ك.ن) | مۆرفیمی كەس | رابردوی تێپەڕ (د.ك.خ) | مۆرفیمی كەس |
|---|---|---|---|
| كتێبەكەم هێنا | م | كتاوەگە هاوردم | م |
| كتێبەكەت هێنا | ت | كتاوەگە هاوردی/ید/یت | ی/ید/یت |
| كتێبەكەی هێنا | ی | كتاوەگە هاوردØ | Ø |
| كتێبەكەمان هێنا | مان | كتاوەگە هاوردیمن | یمن |
| كتێبەكەتان هێنا | تان | كتاوەگە هاوردن | ن |
| كتێبەكەیان هێنا | یان | كتاوەگە هاوردن | ن |

| رانەبردوی تێپەڕ (د.ك.ن) | مۆرفیمی كەس | رانەبردوی تێپەڕ (د.ك.خ) | مۆرفیمی كەس |
|---|---|---|---|
| كتێبەكە دەهێنم | م | كتاوەگە تێرم | م |
| كتێبەكە دەهێنیت | یت | كتاوەگە تێری/ید/یت | ی/ید/یت |
| كتێبەكە دەهێنێت/دەبات | ێت/ات | كتاوەگە تێرد | د |
| كتێبەكە دەهێنین | ین | كتاوەگە تێریمن | یمن |
| كتێبەكە دەهێنن | ن | كتاوەگە تێرن | ن |
| كتێبەكە دەهێنن | ن | كتاوەگە تێرن | ن |

| رابردوی تێنە پەڕ (د.ك.ن) | مۆرفیمی كەس | رابردوی تێنە پەڕ (د.ك.خ) | مۆرفیمی كەس |
|---|---|---|---|
| خەوتم | م | خەفتم | م |
| خەوتیت | یت | خەفتی/ید/یت | ی/ید/یت |
| خەوتØ | Ø | خەفتØ | Ø |
| خەوتین | ین | خەفتیمن | یمن |
| خەوتن | ن | خەفتن | ن |
| خەوتن | ن | خەفتن | ن |

| رانەبردوی تێنە پەڕ (د.ك.ن) | مۆرفیمی كەس | رانەبردوی تێنە پەڕ (د.ك.خ) | مۆرفیمی كەس |
|---|---|---|---|
| دەخەوم | م | خەفم | م |
| دەخەویت | یت | خەفی/ید/یت | ی/ید/یت |
| دەخەوێت/دەڕوات | ێت/ات | خەفد | د |
| دەخەوین | ین | خەفیمن | یمن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەخەون | ن | خەفـن | ن |
| دەخەون | ن | خەفـن | ن |

لە نمونەكانی ( د.ك.ن )دا جێناوە لكاوەكانی دەستەی ( م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان )و دەستەی ( م ، یت ، Ø - یێت/ات ، ین ، ن ، ن ) وەك مۆرفیمی كەس دەردەكەون و ڕۆڵی ڕێككەوتن لەنێوان بكەرو بەركار یان بكەرو كرداردا دەبینن. بەوەی دەستەی ( م - مان ) لەگەڵ ڕابردوی تێپەرو دەستەی دووەم ( م - ین ) لەگەڵ ڕابردوی تێنەپەرو ڕانەبردوی تێپەرو تێنەپەردا ئەو ڕۆڵانە دەبینن. بەڵام لە( د.ك.خ )دا تەنها جێناوە لكاوەكانی دەستەی ( م ، ی/ید/یت ، Ø - د ، یمن ، ن ، ن ) ڕۆڵی ڕێككەوتنی بكەرو كردار دەبینن، ئەگەر چی كردارەكان ڕابردو یان ڕانەبردو، تێپەڕ یان تێنەپەڕ بن.

### ٤-٣ ڕێژەو دەمكات:

### ٤-٣/١ كردەی كردن:

ئاماژە بەوە درا، كە كردار لەسێ مۆرفیمی سەرەكی ( ڕەگو كاتو كەس ) پێكهاتوە، جگە لەم مۆرفیمانە، كۆمەڵێك مۆرفیم وەك ئەسپێكت بەشداری لەچۆنێتی دەربڕینی ڕێژەو كاتی ڕێزمانی كردارەكاندا دەكەن، كە ماوەی ڕودانی كردار لەڕێژەی هەواڵیو دانانیو فەرماندا دەخەنەڕو، بۆ خستنەڕوی مۆرفیمەكانی ئەسپێكت لەهەردو زارەكەدا، بڕوانە نمونەكانی كۆمەڵەی یەكەم:

| د.ك.ن | ئەسپێكت | د.ك.خ | ئەسپێكت |
|---|---|---|---|
| من سێوەكەم خوارد | Ø | من سیفەگە خواردم | Ø |
| من سێوەكەم دەخوارد | دە - | من سیفەگە خواردیام | - یا |
| ئازاد ئەوانی بینیوە<br>من ترساوم<br>خانووەكە ڕوخاوە | - وە<br>- و<br>- | ئازاد ئەوان دییە<br>من ترسیامە<br>خانێگە ڕمیاس | - یە<br>- ە<br>- س |
| من سێوەكەم خواردبو | - بو | من سیفەگە خواردبیم | - بی |

لەهەردو زارەكەدا جۆرەكانی كرداری ڕابردوی هەواڵی، كە دەبێتە ڕابردوی ڕوتو بەردەوامو تەواوو دور لەڕێگەی كەرەستە مۆرفۆسینتاكسییەكانەوە بەرجەستەدەبن. دەبینین هیچ ئەسپێكتێك لەڕابردوی ڕوتدا دەرناكەوێت، واتە مۆرفیمی سفرە. لەڕابردوی بەردەوامدا مۆرفیمی ( دە- ) پێش ڕەگی كردارەكە لە( د.ك.ن )دا دەردەكەوێت، بەڵام لە( د.ك.خ ) مۆرفیمی ( - یا )یەو دەچێتە كۆتایی ڕەگی كردارەوە. لەڕابردوی تەواویشدا مۆرفیمی ( - وە ) لە( د.ك.ن ) دەردەكەوێتو مانەوەی كاریگەریی كردارەكە نیشاندەدات، بەڵام لە( د.ك.خ ) مۆرفیمەكانی ( - یە/ە/س ) دەردەكەوێت. هەروەها لەڕابردوی دوردا مۆرفیمەكانی ( - بو )و ( - بی ) بەشداری لەداڕشتنی كردارەكاندا دەكەن.

**نمونەكانی كۆمەڵەی دووەم:**

| د.ك.ن | ئەسپێكت | د.ك.خ | ئەسپێكت |
|---|---|---|---|
| خۆزگە من نانەكەم خواردبا | - با | | |
| خۆزگە من نانەكەم بـخواردبا/بـخواردایە | بـ....با/ایە | خوەزگە من نانەگە بـخواردام/بـخوارداتام | بـ....ا/اتا |
| خۆزگە من نانەكەم خواردبوبا/خواردبوایە | - بوبا/بوایە | خوەزگە من نانەگە خواردبیام/خواردبیاتام | - بیا/بیاتا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەنگە من نانەكەم خواردبێت | - بێت | | |

نمونەكانی ئەم كۆمەڵەیە ئەوە دەخەنەڕو، كە جۆرەكانی كاتی ڕابردوی دانانی لە(د.ك.ن)دا دەبێتە ڕابردوی ڕوت، ڕابردوی بەردەوام، ڕابردوی تەواو، ڕابردوی دور، كە بەهۆی ئەسپێكەتەكانی (- با) بۆ ڕابردوی ڕوت، (بـ......با/ایە) بۆ ڕابردوی بەردەوام، (- بوبا/بوایە) بۆ ڕابردوی دور، (- بێت) بۆ ڕابردوی تەواو دەنوێنرێن. بەڵام كاتەكانی ڕابردوی ڕوتو ڕابردوی تەواو لە نمونەكانی (د.ك.خ)دا نابینرێن، تەنها ڕابردوی بەردەوام كە ئەسپێكتی (بـ.......ا/اتا)و ڕابردوی دور كە ئەسپێكتی (- بیا/بیاتا) دەیاننوێنن.

نمونەكانی كۆمەڵەی سێیەم:

| | د.ك.ن | ئەسپێكت | د.ك.خ | ئەسپێكت |
|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی هەواڵی | من نانەكە دەخۆم | دە - | من نانەگە خومە | Ø |
| ڕێژەی مەرج و خۆزگەو دانانی | پێویستە من نانەكە بخۆم | بـ - | بایەد من نانەگە بخومە | بـ - |
| ڕێژەی فەرمان | تۆ نانەكە بخۆ | بـ - | تو نانەگە بخوە | بـ - |

لە نمونەكانەوە دەردەكەوێت، كە ئەسپێكتی بەردەوامی لەڕێژەی ڕانەبردوی هەواڵیدا، لە(د.ك.ن) بەهۆی مۆرفیمی (دە -)وەو لە(د.ك.خ) بەهۆی مۆرفیمی سفرەوە (Ø) دەنوێنرێن. بەڵام ڕێژەكانی مەرج و خۆزگەو دانانیو ڕێژەی فەرمان لەهەردو زارەكەدا بەهۆی مۆرفیمی (بـ -)وە دەنوێنرێن.

نمونەكانی كۆمەڵەی چوارەم:

| د.ك.ن | ئەسپێكت | د.ك.خ | ئەسپێكت |
|---|---|---|---|
| ئاراس ژیرە<br>ئاراس وەستایە<br>ئەوان وریان | - ە<br>- ە<br>- | ئاراس ئاقڵە<br>ئاراس وەستاس<br>ئەوان زرنگن | - ە<br>- س<br>- |

لەم نمونانەدا كرداری ڕستەكان كرداری ناتەواون بۆ كاتی ئێستا، كە تیایدا ئەسپێكتی كاتی ئێستا لەكەسی سێیەمی تاكدا دەردەكەوێت، ئەم ئەسپێكتە لە(د.ك.ن)دا لەفۆرمی (- ە)دا دەردەكەوێت، بەڵام لە(د.ك.خ)دا لەفۆرمی (- ە/س) دەبینرێت، بەوەی ئەگەر تەواوكەر كۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبو، ئەوا فۆرمی (- ە) دەردەكەوێت. بەڵام دوا پیتی تەواوكەر بزوێن بێت، ئەوكاتە فۆرمی (- س) دەردەكەوێت.

## ٤-٢/٣ كردەی نەكردن:

ئەو كردەیەیە، كە ڕستە یان یەكەیەكی تر بۆ فۆرمی نەرێ دەگۆڕێت[٦]. ئەم كردەیە لەدروستەی ڕستەدا بەهۆی ئەسپێكتەكانی مۆرفیمی نەرێوە بە پێی كاتو ڕێژەی كردارەكان دەنوێنرێتو هەمیشە دەچنە پێش ڕەگی كردارەوە، بۆ نمونە:

| د.ك.ن | د.ك.خ |
|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەوان چێشتەكەیان نەخوارد | نە - | ئەوان ئاشەگە نەخواردن | نە - |
| چێشتەكە نەخورا | | ئاشەگە نەخوریا | |
| پێویستە چێشتەكە نەخۆن | | بایەد ئاشەگە نەخوەن | |
| كتێبەكە نەبەن | | كتاوەگە نەوەن | |
| ئەوان ماندونەبون | | ئەوان شەكەت نەوین | |

لەهەردو زارەكەدا ئەم مۆرفیمە (نە –) لەگەڵ هەمو جۆرەكانی كرداری ڕابردوی هەواڵیو دانانی، كرداری ڕانەبردوی دانانیو كرداری فەرماندا بەكاردێت، ئەگەر چی كردارەكە تێپەڕ یان تێنەپەڕ، بكەردیار یان بكەرنادیار بێت، یان كرداری ناتەواو بۆ كاتی ڕابردو بێت.

| د.ك.ن | | د.ك.خ | |
|---|---|---|---|
| ئێوە وانەكە ناخوێنن | نا - | ئیوە دەرسەگە نێخوەنن | نێ - |
| وانەكە ناخوێنرێت | | دەرسەگە نێخوەنریەد | |
| ئێوە ماندو نابن | | ئیوە شەكەت نێون | |

ئەم مۆرفیمە (نا/نێ –) لەگەڵ كرداری ڕانەبردوی هەواڵیدا بەكاردێت، ئەگەر چی كردارەكە تێپەڕ یان تێنەپەڕ، بكەردیار یان بكەرنادیار بێت، یان كرداری ناتەواو بۆ كاتی داهاتو بێت، تەنها ئەوە بەدی دەكرێت، كە (نا –) بۆ (نێ –) گۆڕاوە، كە ئەمەش گۆڕانێكی فۆنۆلۆجییە.

| د.ك.ن | | د.ك.خ | |
|---|---|---|---|
| ئەوان ماندو نیـن | نی - | ئەوان شەكەت نیـن | نی - |
| ئەوان پارەیان نییە | | ئەوان پارە نییەسیان | |
| ئەوان نیـن | | ئەوان نیـن | |

ئەم مۆرفیمە (نی –) لەهەردو زارەكە لەگەڵ كرداری ناتەواوی (بون) لەجۆرەكانی بونی بونایەتیو بونی هەبونو بونی هەیی بۆ كاتی ئێستا دەردەكەوێت.

**٤-٤ مۆرفیمەكانی گۆڕینی هێزی كردار:**

**٤-١/٤ مۆرفیمەكانی تێپەڕاندن:**

هێزی كردار بریتییە لەتێپەڕو تێنەپەڕ، لەڕستەی كردار تێپەڕدا بەلای كەمەوە دو جێكەوتە لەپێشەوە دێن، كە بكەرو بەركارن، هاوكات لەڕستەی كردار تێنەپەڕدا تەنیا یەك جێكەوتە لە پێشەوە دێت، كە ئەویش بكەرە.

دەتوانرێ هەندێ لەڕستە كردار تێنەپەڕەكان بۆ ڕستەی كردار تێپەڕ بگۆڕدرێن، كە بەهۆی مۆرفیمی (– اندن)ەوە ئەنجام دەدرێت، بۆ نمونە:

| | د.ك.ن | مۆرفیمی تێپەڕاندن | د.ك.خ | مۆرفیمی تێپەڕاندن |
|---|---|---|---|---|
| ڕابردو | منداڵەكە ترسا<br>ئەوان منداڵەكەیان ترسـاند | - ان | مناڵەگە ترسیا<br>ئەوان مناڵەگە ترسـاندن | - ان |
| ڕانەبردو | منداڵەكە دەترسێت<br>ئەوان منداڵەكە دەترسێنن | - ێن | مناڵەگە ترسد<br>ئەوان مناڵەگە ترسـنن | - Øن |

لەهەردو زارەكەدا، لەكاتی ڕابردو مۆرفیمی ( د ) نیشانەی كاتی ڕابردووە، مۆرفیمی ( - ان ) وەك مۆرفیمی تێپەڕاندن كۆتـایی ڕەگ دەگرێتو ڕۆڵی گۆڕینی تێنەپەر بۆ تێپەڕ دەبینێت. هەروەها لەكرداری ڕانەبردودا لە( د.ك.ن ) مۆرفیمی ( - ێن )ە، كە بەگۆڕینی ( ا ) بۆ ( ێ )و لە( د.ك.خ ) مۆرفیمی ( - Øن )ە، بەگۆڕینی ( ا ) بۆ ( Ø ) دەردەكەون، كە ئەمانەش گۆڕینی فۆنۆلۆجین.

**٤-٢/٤ مۆرفیمەكانی نادیاری:**

دەتوانرێت ڕستەی كردار تێپەڕ كە جێكەوتەكانی بكەرو بەركار لە پێشەوەی هەبن، بگۆڕدرێت بۆ ڕستەیەكی بكەرنـادیار. بەمەش ڕستەی بكەردیار كە دەكرێتە بكەرنـادیار لەهێز یان پلەی تـوانـای كردار كەم دەبێتەوە[٧]. لەم پرۆسەیەدا مۆرفیمەكانی نادیاری لەدروستەی كردارە بكەرنـادیارەكانـدا دەردەكەونو ڕۆڵی لاوازكردنی تـوانـای كردارەكان دەبینن، بۆ نموونە:

| د.ك.ن | مۆرفیمی نادیاری | د.ك.خ | مۆرفیمی نادیاری |
|---|---|---|---|
| پارەكە برا | - ر | پارەگە بریا | - ری |
| پارەكە دەبرێت | - ر | پارەگە بریەد | - ری |

مۆرفیمی ( - ر ) لە( د.ك.ن )و مۆرفیمی ( - ری ) لە( د.ك.خ ) لەكردارەكانی ڕابردوو ڕانەبردودا، كرداری ڕستەكانیان لەبكەردیارەوە بۆ بكەرنـادیار گۆڕیوەو ڕۆڵی نـادیارییان بینیوە.

**ئە نجامەكان:**

١- مۆرفیمەكانی ناسراوی لەهەردو زارەكەدا بریتین لە ( - ەكە/ەگە )و ( - ە ). هەروەها مۆرفیمەكانی نەنـاسراوی بەهۆی مۆرفیمی ( - ێك/ێگ )و ( - ێ ) دەنوێنرێن. ئەگەر چی گۆڕینی پیتی ( ك ) بۆ ( گ ) دیاردەیەكی فۆنۆلۆجییە.

٢- مۆرفیمی سەرەكی كۆكردنەوەی ناو لە( د.ك.ن )دا بریتییە لەفۆرمی ( - ان )، كە لەگەڵ ناوێكی تـاكی گشتیی نەنـاسراوو تـاكی ناسراوو ناوێك كە بەوشەی نیشانە دەستنیشانكرابێت، دەردەكەوێت، بەلاّم لە( د.ك.خ )دا بریتییە لەمۆرفیمەكانی ( - ان )و ( - ەیل )، بەوەی مۆرفیمی ( - ان ) دەچێتە سەر ناوێكی تـاكی گشتیی نـاسراو، كەچی مۆرفیمی ( - ەیل ) لەگەڵ ناوێكی تـاكی نەنـاسراو یان بەوشەی نیشانە فراوانكرابێت، دەردەكەوێت.

٣- مۆرفیمەكانی كۆ لە( د.ك.ن )دا بە پێی دەركەوتنیان لەسەر فرێزە ناوییەكان لەفۆرمی ( ان، یان )دا دەبینرێن، بەلاّم لە( د.ك.خ )دا فۆرمەكانی ( ان، یان )و فۆرمەكانی ( ەیل، یەیل، یل، وەیل ) شێوە جیاجیاكانی مۆرفیمی كۆن.

٤- مۆرفیمەكانی ( - ی ، - ە ) لەهەردو زارەكەدا وەك دو مۆرفیمی سەرەكی ڕۆڵی بەستنەوەی كەرەستە دیارخەرەكان بەناوە دیارخراوەكەوە دەبینن، بەڵام لە(د.ك.خ)دا كە دوا پیتی ناوەكە نەبزوێن بێت، ئەوا مۆرفیمی ( - ی ) دەرناكەوێت، ئەگەر هاتو بزوێن بێت، ئەوا مۆرفیمی ( - ی ) دەردەكەوێت. هەروەها ژمارەی كەرتی وەكو دیارخەرێكی پێش سەرەی فرێزە ناوییەكە بەبێ دەركەوتنی مۆرفیمی خستنە پاڵی ( - ی ) بەناوەكە گرێدراوە.

٥- جێناوە لكاوەكانی دەستەی ( م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان ) لەهەردو زارەكەدا ڕۆڵی خاوەنێتی دەبینن.

٦- بۆ بانگكـردنی ناوی تاكی نێر، مۆرفیمی ( - ە ) لەهەردو زارەكەدا بەكاردێت. كەچی بۆ بانگكردنی ناوی تاكی مێ مۆرفیمی ( - ێ ) لە( د.ك.ن )دا بەكاردێت، بەڵام مۆرفیمی ( - ە ) لە( د.ك.خ )دا بەكاردێت. هەروەها مۆرفیمی ( - ینە ) بۆ بانگكردنی ناوی كۆی نێرو مێ لە( د.ك.ن )دا بەكاردێت، بەڵام مۆرفیمی ( - ەیلە ) بۆ بانگكردنی ناوی كۆی نێرو مێ لە( د.ك.خ )دا بەكاردێت.

٧- پلەكانی ئاوەڵناو لەهەردو زارەكەدا بەهۆی كەرەستە مۆرفۆسینتاكسەكانی ( - تر )و ( - ترین )ەوە دەنوێنرێن.

٨- پێشناوەكانی ( لە - ، تا - ، ە - ) لەهەردو زارەكەدا وەكیەكن، جگە لە ( بە - ) دەبێتە ( وە - )، ( بێ - ) دەبێتە ( بی - )، كە گۆڕانی فۆنۆلۆجین، بەڵام مۆرفیمەكانی ( بۆ : ئەرا )و ( وەك : جویر ) وەك دانەی ئاستی مۆرفۆلۆجی هاوواتان.

٩- مۆرفیمەكانی ( ا ، د ، ت ، ی ، و ) نیشانەی كاتی ڕابردوی بكەردیارن لەهەردو زارەكەدا، تەنها مۆرفیمی ( و ) نەبێت، كە لە( د.ك.خ )دا دەرناكەوێت، هاوكات نیشانەی كاتی ڕانەبردوی بكەرنادیار لەهەردو زارەكەدا مۆرفیمی سفرە. هەروەها نیشانەی كاتی ڕابردوی بكەرنادیار لەهەردو زارەكەدا بریتییە لەمۆرفیمی ( ا )، بەڵام نیشانەی كاتی ڕانەبردوی بكەرنادیار لە( د.ك.ن ) مۆرفیمی ( ێ )یەو لە( د.ك.خ ) مۆرفیمی ( ـە )یە.

١٠- مۆرفیمەكانی كەس بەهۆی جێناوە لكاوەكانەوە دەنوێنرێن، جێناوەكانی دەستەی ( م - ین ) لەهەردو زارەكەدا لەكردارەكانی ڕابردوی تێنەپەڕو ڕانەبردوی تێپەڕو تێنەپەڕدا دەردەكەون و ڕۆڵی ڕێككەوتن لەنێوان بكەرو كرداردا دەنوێنن و هەمیشە شوێنیان لەكۆتایی كردارەكاندا چەسپاوە. بەڵام لەكرداری ڕابردوی تێپەڕدا، دەبینین لە( د.ك.ن )دا جێناوەكانی دەستەی ( م - مان ) دەچنە سەر بەركارو ڕۆڵی ڕێككەوتن لەنێوان بكەرو بەركاردا دەبینن، بەڵام جێناوەكانی ( م - ین ) لە( د.ك.خ ) لەكۆتایی كرداردا دەردەكەون و ڕۆڵی ڕێككەوتن لەنێوان بكەرو كرداردا دەبینن.

١١- كەرەستە مۆرفۆسینتاكسییەكانی ئەسپێكتەكان لەڕێژەی كرداری هەردو زارەكەدا بەم شێوەیەن :

ا- لەكردەی كردندا :

١- لەڕابردوی هەواڵی ڕوتدا هیچ مۆرفیمێك نەچووەتە سەر كردارەكە، واتە ئەسپێكتەكە سفرە.

٢- لەڕابردوی هەواڵی بەردەوامدا، لە( د.ك.ن ) مۆرفیمی ( دە - )یەو پێش ڕەگی كردار دەكەوێت، بەڵام لە( د.ك.خ ) مۆرفیمی ( - یا )یەو دەچێتە كۆتایی ڕەگی كردارەوە.

٣- لەڕابردوی هەواڵی تەواودا، مۆرفیمی ( - وە ) لە( د.ك.ن ) دەردەكەوێت، بەڵام لە( د.ك.خ ) مۆرفیمەكانی ( - یە/ە/س ) دەچێتە كۆتایی كرداری ڕابردوی ڕوت و ڕابردوی تەواو دادەڕێژێت، كە تیایدا فۆرمەكانی ( - ە/س ) دەبنە ئەلۆمۆرفی ئەسپێكتی ( - یە ).

٤- لەڕابردوی هەواڵی دوردا مۆرفیمەكانی ( - بو )و ( - بی ) وەك مۆرفیمی سەربەخۆ بەشداری لەدارشتنی كردارەكاندا دەكەن، ئەمەش گۆڕانێكی فۆنۆلۆجییە.

٥- كاتی ڕابردوی دانانی لە( د.ك.ن )دا بەهۆی ئەسپێكەتەكانی ( - با ) بۆ ڕابردوی ڕوت، ( بـ...با/ایە ) بۆ ڕابردوی بەردەوام، ( بوبا/بوایە ) بۆ ڕابردوی دور، ( - بێت ) بۆ ڕابردوی تەواو دەنوێنرێن. بەڵام لە( د.ك.خ )دا تەنها ئەسپێكتی ( بـ.....ا/اتا ) بۆ ڕابردوی بەردەوام و ئەسپێكی ( - بیا/بیاتا ) بۆ ڕابردوی دور دەردەكەون.

٦- ڕێژەکانی مەرج و خۆزگەو دانانیو ڕێژەی فەرمان لەهەردو زارەکەدا بەهۆی ئەسپێکتی (بـ -)وە دەنوێنرێن، بەڵام مۆرفیمی (دە -) لە(د.ك.ن)و مۆرفیمی سفر (Ø) لە(د.ك.خ)دا وەك ئەسپێکتی بەردەوامی لەکرداری ڕانەبردوی ڕێژەی هەواڵیدا دەردەکەون.

٧- ئەسپێکتی کاتی ئێستا لە(د.ك.ن)دا مۆرفیمی (- ە)یە، بەڵام لە(د.ك.خ)دا لەفۆرمەکانی (- ە/س)دا دەردەکەون.

ب- لەکردەی نەکردندا، ئەسپێکتەکانی (- نە ، - نا/نێ ، - نی) بە پێی ڕێژەو کاتی کردار لەهەردو زارەکەدا نەرێ دەنوێنن.

١٢- مۆرفیمی (- ان) لەڕابردو و مۆرفیمی (- ێن/Øن) لەڕانەبردو لەهەردو زارەکەدا، ڕۆڵی گۆڕینی کرداری تێنەپەڕ بۆ کرداری تێپەڕ دەبینن.

١٣- کردەی بکەرنادیار لە(د.ك.ن) بەهۆی مۆرفیمی (- ر) و لە(د.ك.خ) بەهۆی مۆرفیمی (- ری)ەوە ئەنجام دەدرێت.

## پەراوێزەکان:

1- Trask (1993:176).

٢- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٤٣-٤٤).

٣- سەرچاوەی پێشو (٤٨-٤٩).

٤- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١: ٢٦).

٥- بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨: ١٢٤).

6- Leech (2006: 66).

٧- یحیی عبابنە وأمنە الزغبی (٢٠٠٥: ١٢٦).

## سەرچاوەکان:

١- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لەنێوان زمانی کوردیو فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان - زانکۆی سلێمانی.

٢- ئومێد بەرزان برزو (٢٠١٠)، مۆرفۆسینتاکسو دروستەکانی لەشێوەزاری خانەقیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان - زانکۆی سلێمانی.

٣- بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بەئاستی فۆنۆلۆجیو سینتاکس، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان - زانکۆی سەلاحەدین.

٤- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی دارشتنو ئەرکەوە لەکرمانجیی خواروودا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان - زانکۆی سلێمانی.

٥- يحيى عبابنة وأمنة الزغبي (٢٠٠٥)، علم اللغة المعاصر (مقدمات وتطبيقات)، دار الكتاب الثقافي، أربد - الاردن.

6- Leech, G. (2006), A Glossary of English Grammar, Edinburgh University press.

7- Trask, R.L. (1993), A Dictionary of grammatical terms in linguistics, Routledge: London.

## الخلاصة

عنوان البحث هو (مقارنة الأدوات المورفوسينتاكسية في اللهجات الكرمانجية الوسطى والجنوبية) وفيه يتحدث عن الأدوات المورفوسينتاكسية في اللهجتين المذكورتين، ثم الوقوف على أهم أوجه الشبه والاختلاف بينهما، وفي الخاتمة أشرت إلى النتائج التي توصلت إليها.

## Abstract

The study is entitled "comparison of the morphsyntax means in the southern and middle krimanji dialects".It studies these means in both dialects and then the

similar and different points between them are displayed. At the end the most important conclusions of the study are presented along with alist of references.